

لەوانەیە پێکانەکەی نەیمار کۆتایی بە کاروانی وەرزشییەکەی بێنێت..

# "نەیمار ئاڵوودەی مەی خواردنەوە بووە"

رووداوی وەرزشی ـ SAMBA

سەرچاوەیەکی نزیک لە هەڵبژاردەی بەرازیل، هۆشداری دەداتە بەرپرسانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی پاریس سانجیرمانی فەرەنسی، ئەگەر فریای نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی نەکەون لەوانەیە بەهۆی ئەو پێکانە قورسەی تووشی بووە، کۆتایی بە کاروانی وەرزشیی خۆی بێنێت.

ئەو سەرچاوەیە باس لەوە دەکات، کە بێجگە لەوەی پێکانە قورسەکەی نەیمار کاریگەرییەکی درێژخایەنی بەسەر ئاستی ئەو یاریزانەوە دەبێت، لەوانەیە هەر بەهۆی ئەو پێکانەوە مەترسییەکی گەورەتر هەڕەشە لە نەیمار بکات و وەک زۆر ئەستێرەی بەرازیلی پێش خۆی بە نەچاری لە تەمەنێکی زوودا کۆتایی بە کاروانی وەرزشیی خۆی بێنێت.

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "لەو ماوەیەدا کە نەیمار گەڕایەوە بەرازیل بۆ چارەسەرکردنی پێکانەکەی، زۆر بە توندی ئاڵوودەی مەیخواردنەوەو ئاهەنگەکانی شەوانە بووە". ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەیمار سوودی لەو پشووە درێژە وەرگرتووە کە بەهۆی وەرگرتنی چارەسەری، لە یاریکردن و مەشقەکان دوورکەوتبووەوەو دەڵێت "نەیمار بەشێوەیەکی زۆر نا بەرپرسانە بەشداری لە شەوە سوورەکانی یانە شەوانییەکاندا دەکرد و بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو مەی و خواردنەوە کحوولییەکانی دەخواردەوە". هەروەها دەشڵێت "خواردنەوەی مەی لە لایەن نەیمار گەیشتبووە ئاستێک کە پزیشکان هۆشداری ئەوەیان پێداوە ئەگەر واز نەهێنێت ئەو کارەی دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆتاییهاتن بە کاروانی یاریکردنی ئەو".

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (497) سێشەممە 2018/5/8 18ی گوڵان - 2717 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

بەرازیل دووەم و فەرەنسا سێیەم بەهێزترین پاڵێوراون بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیال..

# بەربژێری ژمارە 1

3



"زۆرترین یاریزانی لاروٚخا لە باشترین یانەکانن و زۆرترین خولەک یارییان کردووە"

لە یاری کلاسیکۆدا..

## "مێسی دەبووایە 2 کارتی سوور وەربگرێت"

3

2

هەردی سیامەند: دەستەوارەی یانەیەکی ئێرانیم ڕەتکردەوە



3

زیدان و بنزیمە جیا دەبنەوە



5

مۆرینۆ ناهێڵێ ڕۆناڵدۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بکات



KOREK Telecom

هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەک)ەوە

KOREK Telecom



## بڕیاری کۆتایی

ئەنوەر عەزیزی ڕاهێنەری یانەی ئارارات بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دووپاتیکردەوە «ئێمە بڕیارماندا‌وە لە خولی نایابی کوردستان دەکشێینەوە، ئەگەر ئەو یارییەی بەرامبەر شێروانەمان بۆ بە بردنەوە دانەنرێ، ئەوە بڕیاری کۆتاییمانە. ئەم هەفتەیە یاریمان نییە پشووین، ئەگەر بڕیارەکە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە جێبەجێ نەکرێ، دەکشێینەوە». هەروەها گوتی «ئەمساڵ ناوبژیوانان زۆر غەدریان لێکردووین، بە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تەنیا 2 یاریزانی پێشەگەر بۆیان هەیە یاری بکەن، کەچی شێروانە لە بەرامبەر ئێمە بە 3 یاریزان یاریکردووە».



ساڵێکی دیکەش لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت..

# یانەی مینا دەستی لە هەردی سیامەند بەرنابێ

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - بەسرا**

هەردی سیامەند، یاریزانی یانەی مینا لە خولی نایابی عێراقی، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند، لەگەڵ یانەی مینا زۆر ئاسوودەیە و بۆ وەرزی داهاتووش لەگەڵ یانەکەدا بەردەوام دەبێت و گوتی «لەو شارەدا بە گشتی ڕێزێکی یەکجار زۆر لە یاریزانی کورد دەگیرێت».

هەردی سیامەند، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، ماوەی دوو وەرزە لە ڕیزی یانەی وەرزشیی مینا لە شاری بەسرا یاری دەکات، لەلایەن ستافی ڕاهێنەران و ئیدارەی یانەکەوە پشتگیری تەواوی لێدەکرێت و لە زۆربەی یارییەکاندا وەک یاریزانی سەرەکی یاری پێدەکرێت، ئەمساڵیش لە کۆی سەرجەم یارییەکانی خولی نایابی عێراقیدا تەنیا لە یەک یارییدا ئامادە نەبووە، ئەویش بەهۆی هەبوونی کارتی زەردەوە بووە.

> «بەهۆی دووری بەسرا لە کوردستان نەمتوانی بەشداری لە خولی کوردستاندا بکەم»

هەردی سیامەند، هۆکارەکانی دڵخۆشی خۆی لە ڕیزەکانی یانەی مینا، بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد و گوتی «ئەمساڵ زۆر ئاسوودەو دڵخۆشم بە یاریکردنم لە ڕیزی یانەی میناى شاری بەسرا، چونکە خولی عێراق خولێکی بەهێزە، هەمیشە لە یارییەکاندا وەک یاریزانی سەرەکی بەشدارییان پێکردووم، جگە لەوەش لە شاری بەسرا زۆر هەست بە خۆشی دەکەم، چونکە ڕێزێکی یەکجار زۆرمان لێدەگرن، کاتێک دەچینە بازاڕ یان کە سواری تاکسی دەبین، کە دەزانن یاریزانی کوردین و هاتووین بۆ خزمەتکردنی یانەی مینا، زۆر ڕێزمان دەگرن».

لەبارەی ئەگەری چوونی بۆ یانەیەکی دیکە، ئەو یاریزانە کوردە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەمساڵ هیچ گرێبەستێکی بۆ نەهاتووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو یانەیەکی ئێرانی دەستەوارەیەکی پێشکەش کردبوو، بەڵام ڕەتیکردبووەوە و گوتی «ئەمساڵ لە دەرەوە هیچ گرێبەستم بۆ نەهاتووە، ساڵی ڕابردوو گرێبەستێکم ڕەتکردەوە کە لە خولی ئێرانییەوە بۆم هاتبوو، بەڵام وادیارە یانەی مینا نایەوێ دەستبەردارم بێت، چونکە داوای گفتوگۆی کردووەو قسەکردنیشمان بەردەوامە بۆ ئەوەی بۆ وەرزی داهاتووش هەر لە یانەکە بمێنمەوە، چونکە ئاستی من لە سەرجەم یارییەکاندا یەک ئاست بووە، جەماوەری یانەکەش زۆر لە ئاستی من ڕازییە».

> «دەستەوارەی یانەیەکی ئێرانیم ڕەتکردەوە»

هەردی سیامەند، کە دووپاتیکردەوە دەیەوێ ساڵێکی دیکەش لەگەڵ یانەی مینا بەردەوام بێت، باسی ئەوەی کرد کە زۆر دڵخۆشە بە ژیان لە شاری بەسرا، بۆیە ئەوەش هاندەرێکی دیکەیە بۆ مانەوەی لەو یانەیەو گوتی «کە لەو شارە نیشتەجێم وادەزانم لە شاری خۆمم، هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم».

لەبارەی یاریکردنیشی بۆ خولی کوردستان، هەردی گوتی «خولی عێراقی و کوردستان بۆ من جیاوازییان نییە، حەزم دەکرد لە هەردوو خول یاریم بکردایە، چەندین یانەش بۆ خولی کوردستان داوایان لێکردوومە یارییان بۆ بکەم، بەڵام بەهۆی دووری شاری بەسرا لە کوردستان پێم نەکراوە یاری بۆ یانەیەکی کوردستان بکەم لە خولی نایابی کوردستاندا، ئەگەرنا زۆریش حەزدەکەم لە خولی کوردستان یاری بکەم».

2 ساڵە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە دەچێت..

# کار دەکرێ بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پاڵەوانیەتی ئەنفال



**پێشەوا بەختیار**
**ڕووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

سەرپەرشتیاری پاڵەوانیەتی ئەنفال بۆ تایکواندۆ، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئەوان دەیانەوێت ئەم پاڵەوانیەتییە بکەنە پاڵەوانیەتییەکی ساڵانەی نێودەوڵەتی و گوتی «تاکە ڕێگر لەبەردەمماندا کێشەی داراییە».

لە 2018/4/27 لە شاری چەمچەماڵ بە دروشمی لەبیرت ناکەین ئەنفال، پاڵەوانیەتی ئەنفال بە بەشداری 18 تیمی تایکواندۆ بەڕێوەچوو، پاڵەوانیەتییەکە لەسەر ئاستی کوردستانە و ساڵانە لە کاتی یادەکانی ئەنفال بەڕێوەدەچێت، کە ئەمساڵ دووەمین پاڵەوانیەتی بوو.

ئاراس حاجی عومەر، سەرپەرشتیاری پاڵەوانیەتییەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند خۆشحاڵین کە بتوانین ساڵانە ئەم پاڵەوانیەتییە ئەنجام بدەین و گوتی «ئەمساڵ بە هاوکاری ئیدارەی قەزای چەمچەماڵ توانیمان دووەم پاڵەوانیەتی بکەینەوەو سەرجەم یانە و سەنتەر و ئەکادیمیاکانی ئەم جۆرە وەرزشە بانگێشتکرا بوون». هەروەها گوتی «پاڵەوانیەتییەکە ساڵانە بە هاوبەشی لە لایەن قوتابخانەی تایکۆندۆی چەمچەماڵ و لیژنەی ئۆلۆمپی کەرکووکەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمساڵ پاڵەوانیەتییەکە بە بەشداری 18 تیم لە سەرانسەری کوردستان بەڕێوەچوو».

ئەو سەرپەرشتیارە، گوتی «دەمانەوێ پاڵەوانیەتییەکە بکەینە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتی، بەڵام تاکە ڕێگر کێشەی داراییە، ئەگەرنا لە ڕووی هونەرییەوە هیچ کێشەیەکمان نییە، چەندین یاریزان و ڕاهێنەر و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بەشداربوون و بەبێ هیچ کێشەو گرفتێک پاڵەوانیەتییەکە بەڕێوەچوو».

محەممەد بەرزان خورشید، یاریزانی تایکواندۆی یانەی وەرزشیی خورماتوو، پێیوابوو پێویستە ئەم پاڵەوانیەتییە بکرێتە نێودەوڵەتی و گوتی «سەرەڕای داگیرکردن و ئاوارەبوونمان ئێمە توانیمان بەشداری لەم پاڵەوانیەتییەدا بکەین، دەستخۆشی لە سەرپەرشتیارانی پاڵەوانیەتییەکە دەکەم و هیوادارم هەموو لایەک هاوکاریان بن بۆ ئەوەی بکرێتە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتی، لەپێناو زیاتر برەودان بەو وەرزشە لە کوردستاندا».

بە خولی پلە یەکەکان ڕازی نییە..

# یانەی ئاسۆ دەگەڕێتەوە سەردەمی زێڕینی

**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئاسۆ، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئامانجی ئەوان تەنیا گەیشتنیان نییە بە خولی پلە یەکی کوردستان، بەڵکو چوونەوەیە بۆ خولی نایابی کوردستان و گوتی «دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەردەمی زێڕینی خۆمان».

یانەی ئاسۆ، دوای 5 ساڵ لە چاوەڕوانی ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی دیکە توانی ئەو دیوارە بشکێنی کە 5 ساڵە هەوڵی بۆ دەدات، کە جارێکی دیکە گەڕایەوە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام وەک ڕاهێنەر و بەرپرسانی یانەکە باسی دەکەن، ئەوان پلانی درێژتریان هەیە بۆ ئەوەی ئامانجی گەورەتر بپێکن.

کامەران جەبار، ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی ئاسۆ، لەبارەی گەیشتنەوەیان بە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «سەرەتا سەرۆکی یانەکە و کارگێڕانی تیپەکە پاڵپشتبوون بۆ هەموو شتێک لە تیپەکەمان، هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکان، کارگێڕی یانەکە بوو، ئینجا بوونی

> «بۆ ئێمە خولی پلە یەک و دوو هیچ جیاوازییەکیان نییە»

گیانی برایەتی و خۆشەویستی و تەبایی و ڕێز لە یەکدی گرتنی نێوان یاریزانەکانمانیش هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنەکانمان بوو، ڕاستە من لە ڕووی هونەرییەوە تیپێکی باشم دروستکرد، بەڵام توانیم لە پاڵ وەرزش برایەتی و خۆشەویستیش لەنێوان یاریزانەکانمدا دروست بکەم، کە پێموایە ئەوە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە یەکەکان».

مامۆستا کامەران، هەروەها گوتیشی «نزیکەی 2 مانگ پێش دەستپێکردنی خولەکە خۆمان ئامادەکردووە، بە شێوازێکی چڕ و پڕ ئامادەکارییەکانمان ئەنجامدا، ئەوەی کەم و کورتیمان هەبوو چارەسەرمان کرد، شوێنە بەتاڵەکانیشمان لە پێکهاتەکەدا پڕکردەوە».

لەبارەی گەڕانەوەی تیپەکەشی بۆ دۆخی جارانی، ڕاهێنەری یانەی ئاسۆ گوتی «ئێمە ئەگەر ئامانجمان هەر خولی پلە یەکەکان بووایە هیچ پارەیەکمان لەو تیپە سەرف نەدەکرد، چونکە خولی پلە یەک و دوو هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هیوای ئێمە گەیشتنە بۆ خولی نایابی کوردستان و گەڕانەوەمانە بۆ سەردەمی زێڕینی خۆمان». هەروەها گوتی «هیچ پارەیەکی زیادمان سەرف نەکردووە، تەنیا مووچەمان داوە، ئەوەش ئاساییە، ئێمە بە پارە بەسەر نەکەوتووین، تەنیا برایەتی و خۆشەویستی و تەبایی ئێمەی سەرخستووە».

ئەو ڕاهێنەرە پەسنی یاریزانەکانی داو گوتی «یاریزانەکانم زۆر بە حەماسەت و بە ئاستێکی بەرزەوە یارییان دەکرد، بە 5 یاری 12 گۆڵیان تۆمارکردووە، بەبێ دۆڕان گەیشتینە خولی پلە یەک، هەموو یارییەکمان بە ئاستێکی بەرزەوە ئەنجامداوە، بەتایبەتی یارییەکانی دەرەوەی یاریگەی خۆمان. لە یاری بروسک بە 10 یاریزان یاریمان کردووەو لێدانی سزاشمان لەسەر گیراوە کە دروست نەبووە».



KOREK Telecom

# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە



لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دینارە و بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com

KOREK Telecom



## باشترینه

دیمێتری پایێی یاریزانی فەرەنسی یانەی مارسیلیای فەرەنسی، لەم وەرزەدا باشترین یاریزانی 5 خولە گەورەکەی ئەورووپایە، لە ڕووی دروستکردنی دەرفەتی گۆڵ. ئەو تاوەکو ئێستا 121 دەرفەتی گۆڵکردنی دروستکردووە. لەدوای ئەو کیڤین دی برۆینی یاریزانی بەلجیکی یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی بە پلەی دووەم دێت بە دروستکردنی 104 دەرفەتی گۆڵ. بینجامان بۆرۆخۆی یاریزانی یانەی ڕێنی فەرەنسی لە پلەی سێیەم دێت بە دروستکردنی 93 دەرفەتی گۆڵکردن».

# ریزبەندی هەڵبژاردە پاڵێوراوەکان بۆ بردنەوەی مۆندیالی 2018..



«یاریزانانی لاڕۆخا لە باشترین یانەکان و زۆرترین یاریشیان بۆ یانەکانیان کردووە»

# ئیسپانیا نزیکترین هەڵبژاردەیە لە نازناوی مۆندیال

**ڕووداوی وەرزشی ـ AS**

ڕوانگەی سویسری بایەخدەر بە ژمارەکانی وەرزشی، باس لەوە دەکات، هەڵبژاردەی ئیسپانیا، بەختی لە هەمووان زیاترە، نازناوی مۆندیالی ڕووسیای 2018 بەدەستبێنێت، کە بڕیارە ڕۆژی 2018/6/14 دەستپێبکات.

ئەو ڕوانگەیە کە بە کورتی بە CAES ناسراوە، لە پۆلینەکەیدا پشتی بەو زانیاریانە بەستووە، کە لە پێنوێنی (هێزی ئاخنراو) هەڵێنجاوە، ئەوەی ناوەندی ڕێژەی سەدی ئەو یاریانە ئەژمار دەکات، کە هەر 23 یاریزان لە هەر هەڵبژاردەیەک، ئەوانەی بەشدارییان لە پاڵاوتنەکانی گەیشتن بە مۆندیال و خولەکانی ناوخۆییانەی یاری تێدا دەکەن، لە تەمموزی 2017 کردووە، لەگەڵ ناوەندی ئاستی وەرزشی ئەو یانانەی، کە یاریزانەکانی هەر هەڵبژاردەیەک بەجیا، یاری بەناوی ئەوەوە دەکەن، وەک ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی بڵاویکردووەتەوە. پێنوێنییەکە پێیوایە، هەڵبژاردەی لاڕۆخا، لە سەرووی بەبەختترین هەڵبژاردەکان دێ، بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیال، ڕوونیشی دەکاتەوە لە میانی وەرزی ئێستادا، هەر 23 یاریزانی زۆرترین بەشداربوو لە یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیال، بە ڕێژەی 81.1% بەشدارییان لە یارییەکانی خولی لۆکاڵیدا کردووە، ئەوەش بەرزترین ڕێژەیە لەنێو هەموو هەڵبژاردە بەشداربووەکاندا. پێنوێنییەکە ئەوەش دەردەخات، ناوەندی ئاستی وەرزشی ئەو یانانەی، یاریزانەکانی ئیسپانیا یاری بۆ دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی ئەویش هەر بەرزترینە، بە ڕێژەی 1.37%. بە گوێرەی ئەو دوو پێوەرە، ئیسپانیا بە توندی لە سەرووی وڵاتە پاڵێوراوەکان دێ، نازناوی مۆندیالی ڕووسیا 2018 بەدەستبێنێ، ئەو دەستکەوتە دووبارە بکاتەوە، کە لە وەشانی ساڵی 2010 بەدەستیهێنا.

هەڵبژاردەی بەرازیل لە پلەی دووەمی لیستەکە دێ، ناوەندی ئەو یاریانەی یاریزانەکانی سامبا، لەو خولانەی یاری تێدا دەکەن، گەیشتووەتە 78%، ناوەندی ئاستی یانەکانیش، کە ئەستێرەکانی بەرازیل یاری تێدا دەکەن، گەیشتووەتە 1.27%. هەڵبژاردەی فەرەنسا لە پلەی سێیەم دێ، بە ڕێژەی 69% و 1.35% بە گوێرەی هەردوو پێوەر، پاشان هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە پلەی چوارەم دێ، بە ڕێژەی 73% و 1.25%. پێنوێنی هێزی ئاخنراو هەڵبژاردەی ئینگلتەرای لە پلەی پێنجەم داناوە، دوای ئەوەی ڕێژەی 74% و 1.12% بەدەستهێنا، لە دوای ئەو هەڵبژاردەی بەلجیکا لە پلەی شەشەم دێ، بە ڕێژەی 73% و 1.11%، ئینجا ئەرجەنتین لە پلەی حەوتەم دێ، بە ڕێژەی 70% و 1.10%، کرواتیا لە پلەی هەشتەم دێ، بە ڕێژەی 65% و 1.10%، پورتوگال لە پلەی نۆیەم دێ، بە ڕێژەی 65% و 1.09%، هەڵبژاردەی سویسراش لە پلەی دەیەم دێ، بە ڕێژەی 74% و 0.09%.

لەلایەکی دیکەی لیستەکەوە، پەنەما لە کۆتایی لیستی هێزی ئاخنراو دێ، بە ڕێژەی 47% و 0.28% لە پلەی 32، هەڵبژاردەی سعوودیە لە پلەی پێش کۆتایی دێ، بە ڕێژەی 55% و 0.43%، و ئێرانیش لە پلەی 30 دێ، بە ڕێژەی 70% و 0.36%. هەڵبژاردەی میسر لە پلەی 26 دێ، بە ڕێژەی 64% و 0.52%، هەڵبژاردەی تونسیش لە پلەی 24 دێ، بە ڕێژەی 70% و 0.49%.

ڕوانگەکە ڕوونیدەکاتەوە، گەیشتن بە قۆناخی 16، ئەوپەڕی دەستکەوتە، کە دەکرێ هەر یەک لەو هەڵبژاردانە پێی بگەن.

لەدوای کلاسیکۆ..

# «مێسی دەبووایە 2 کارتی سوور وەربگرێت»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

کلاسیکۆی ئەمجارەش، کە لە گەڕی 36 خولی لیگادا بوو، وەک هەموو کلاسیکۆیەکانی دیکە گەرم و گوڕ بوو، چەندین ڕووداو،پێشهات، ژمارە، ئامار و ڕیکۆردی دیکەی بەدوای خۆیدا جێهێشت. هەرچەندە هیچ کاریگەرییەکی بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکان نەبوو، بەو پێیەی بارسێلۆنا پێشوەختە نازناوەکەی یەکلاییکردبووە.

- سەرەڕای ئەوەی زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید ڕازی نەبوو یاریزانەکانی ڕێڕەوی ڕێزلێنان بۆ یاریزانانی بارسیلۆنا دروست بکەن، کە ئەوە نەریتێکی کارپێکراوە لە لالیگا، بەڵام ئەو ڕاهێنەرە لەدوای یارییەکە باوەشی بە ئەندرێس ئینێستای کاپتنی بارسێلۆنا کرد و ڕایگەیاند «ئینێستا ئەفسانەیە، من زۆر سەرسامم بەو».
- ئەمە دوایین کلاسیکۆ بوو بۆ ئەندرێس ئینێستا، کە بڕیاریداوە بچێتە بە کۆتاییهاتنی ئەم وەرزە خولی چینی.
- یارییەکە بە یەکسانبوون کۆتاییهات و بارسێلۆنا درێژەی بەو ڕیکۆردە دا کە تاوەکو ئێستا لە خولەکەدا نەدۆڕاوەو یەکسانە بە 42 یاری.
- لەدوای یارییەکەش یاریزانانی بارسێلۆنا ئاهەنگی بەردەوامبوونی کاروانی نەدۆڕانی یانەکەیان لە ماوەی 42 یاریی ڕابردووی لەلایگادا گێڕا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ساڵی سێیەمە لەسەریەک لە نێو یاریگەی کامپ نۆدا ناتوانن لە ڕیال مەدرید ببەنەوە، ناوبژیوانی یارییەکەش قسەی زۆری لەسەر کرا بەوەی کە لە چەند حاڵەتێکدا چاوپۆشی کردووە.
- زیاتر لە 97 هەزار هاندەر ئامادەی یارییەکە بوون، کە لە کامپ نو بەڕێوەچوو. لە 82 وڵاتی جیهانیشدا زیاتر لە نیو ملیار کەس سەیری یارییەکەیان کرد.
- لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا بە تۆمارکردنی گۆڵێک ڕیکۆردەکەی وەک گۆڵکاری مێژوویی کلاسیکۆ بەهێزتر کردو ژمارەی گۆڵەکانی لە لالیگا کردە 26 گۆڵ. هەر مێسیش یەکەم یاریزانە لە کلاسیکۆدا بەشداری لە 40 گۆڵدا کردبێت (26 گۆڵ و 14 ئاسیست).
- لیۆنێل مێسی بە باشترین یاریزانی ئەم کلاسیکۆیە دەستنیشانکرا، کە 5 لێدانی هەبوو و 3 هەلیشی دروستکرد و بەشداریی لە 8 لێدانیشدا کرد لە کۆی 11 لێدان کە بارسا لەو یارییەدا هەیبوو.
- کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ 449 گۆڵی بۆ ڕیال مەدرید و لیۆنێل مێسی 551 گۆڵی بۆ بارسێلۆنا کردووە، هەردووکیان لەگەڵ ئەو دوو یانەیە بە گشتی 1000 گۆڵیان کردووە.
- ڕۆناڵدۆ بە 18 گۆڵ لەگەڵ دیستفانۆ یەکسانبووەوە و ئێستا دووەم گۆڵکاری مێژوویی کلاسیکۆیە.
- گۆڵەکەی ڕۆناڵدۆ گۆڵی ژمارە 400ی ڕیال مەدرید بوو بەرامبەر بارسێلۆنا. کە ڕۆناڵدۆ لە کامپ نۆدا 15 یارییکردووە 12 گۆڵی کردووە.
- سێرجی ڕۆبێرتۆ یەکەم یاریزانی بارسێلۆنایە لە کامپ نۆو کارتی سوور وەربگرێت لەدوای ماسکێرانۆ لە 2015ەوە، کە دەکاتە 50 یاری.
- ئەم یارییە یەکێک بوو لەو کلاسیکۆیانەی زۆرترین توندوتیژی بەخۆیەوە بینی، کە چەندجارێک یاریزانانی هەردوولا بەگژیەکداچوون. یاریزانانی ڕیال مەدرید بە ئەنجامدانی 19 هەڵە لەدژی یاریزانانی بارسێلۆنا 5 کارتی زەردیان وەرگرت و یاریزانانی کەتەلۆنی بە ئەنجامدانی 7 هەڵە لەدژی یاریزانانی شاهانە 3 کارتی زەرد و یەکێکی سووریان وەرگرت.
- ئەلیخاندرۆ خۆسێ هێرناندێزی ناوبژیوانی یارییەکەش خراپترین ئاستی پێشکەشکردو چەندنی هەڵەی زەقی ئەنجامدا.
- ڕۆژنامەکانی مەدرید باسیان لەوەکرد کە لەو یارییەدا لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا 2 جار شایەنی کارتی سوور بووە نەک جارێک، چونکە وەک ئەو ڕۆژنامانە باسی دەکەن، مێسی بێجگە لەوەی توندوتیژی لەدژی سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنی ڕیال مەدرید بەکارهێناوەو ڕاستەوخۆ شایەنی کارتی سوور بوو، لەدوای دەرکردنی سێرجی ڕۆبێرتۆی یاریزانی بارسێلۆنا لە لایەن ئەلیخاندرۆ خۆسێ هێرناندێزی ناوبژیوانەوە، مێسی جنێوی بەو ناوبژیوانە داوەو پێیگوتووە «تۆ کەسێکی قێزەوەنی، تۆ هیچی، پیسی پیس، بۆ تۆ باشە کە ئەو هەموو چاکەیان لەگەڵ دەکەی».
- سەرەڕای ئەو توندوتیژییەی مێسی لەدژی ڕامۆس کردی، ئەو دوو کاپتنە لەدوای فیکەی کۆتایی یارییەکە دەستیان لە شانی یەکدی کرد و ماندوونەبوونیان لە یەکدی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕامۆس لە دوای یارییەکە بە ڕۆژنامەنووسانی گوت «بینیم مێسی لە ڕێڕەوی ژووری جلگۆڕیندا فشاری دەخستە سەر ناوبژیوانەکە، بەڵام نازانم ئەو فشارەی مێسی کاریگەری بەسەر بڕیارەکانی ناوبژیوانەوە هەبوو یان نا».
- نرخی ئەم کلاسیکۆیە زیاتر لە ملیارێک و نیو یۆرۆ بوو، لە ڕووی نرخی یاریزانەکانییەوە. 690 ملیار یۆرۆ نرخی یاریزانانی ڕیال مەدرید و 897 ملیار یۆرۆ نرخی یاریزانانی بارسێلۆنا بوو.
- تاوەکو ئێستا بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید لە سەرجەم خول و پاڵەوانیەتییەکاندا 237 کلاسیکۆیان ئەنجامداوە، ڕیال مەدرید 95 و بارسێلنۆاش 93 یارییان بردووەتەوەو لە 49 یارییدا یەکسان بوونە.
- زیدان نازانێت لەنێو کامپ نو بدۆڕێت، ئەو تاوەکو ئێستا لە 4 یارییدا لەسەر ئەو یاریگەیە 2 بردنەوەو 2 بەرامبەربوونی هەیە، کە لە لیگادا جارێک براوە بووەو 2 جاریش یەکسانبووە. لە یارییەکی سوپەری ئیسپانیاشدا 3 ـ 1 گۆڵ براوە بووە.



سەرەڕای تۆمارکردنی 2 گۆڵ لە بایرن میونشن..

# زیدان و بنزیمە جیا دەبنەوە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ڕۆژنامەی کۆنفدنیساڵی ئیسپانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا باسی چیرۆکی جیابوونەوەی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید، زەینەدین زیدان و یاریزانە بەنازەکەی پێشووی، کەریم بنزیمەی کردو گوتی «سەرەڕای تۆمارکردنی 2 گۆڵ لە بایرن میونشن، بنزیمە متمانەی زیدانی بەدەست نەهێناوەتەوە».

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت «زیدان بڕیارێکی چاوەڕواننەکراو و لەناکاوی بۆ هەمووان داوە، ئەو بڕیارەش خۆی لە پشتکردنە لە بنزیمە و دوورخستنەوەی لە یانەکە». هەروەها دەڵێت «ئەو پشتتێکردنەی زیدان لە بنزیمە بۆ چەند ڕۆژێک پێش یاری نێوان ڕیال مەدرید و یوڤینتۆس، لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ بەرجەستە بوو. لەو کاتەدا ڕاهێنەری ڕیال مەدرید لە نووسینگەکانی یانەکە و ژووری ڕۆژنامەڤانان، هۆشداریی لە ئاستی بنزیمە دا، کە پاشەکشەی کردووە».

بە گوێرەی بۆچوونی ڕاهێنەر، کەریم لە باشترین ڕەوشیدا نییە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی لە سەر یاریگە. زێدەباری ئەوە، ئەو یاریزانە بۆ خۆسەلماندنەوەی هەندێ کۆسپی هاتووەتە پێش. لەلایەن خۆشییەوە، فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ڕیال مەدرید نیگەرانی خۆی دەربڕی و دووپاتیشیکردەوە، بنزیمەی خاوەن ژمارە 9 ئاستی پێویست پێشکەش ناکات، ئەو بۆچوونەش لە یاری تیپەکە بەرامبەر مەلەگە دروست بوو، چونکە ئەو یارییە ئاسانە، دەرفەتێکی نموونەیی بوو، تاوەکو بنزیمە تێیدا متمانە بەخۆبوونی بەدەستبێنێتەوە، بەڵام بێسوود بوو. لە هەمبەردا، کاسیمیرۆ لەو یارییە درەوشایەوە و ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ بنزیمە هاوتا کرد، کە 5 گۆڵە لە لالیگا. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات «سەرەڕای تۆمارکردنی 2 گۆڵ لە بایرن میونشن، بنزیمە نەیتوانیوە متمانەی زیدان و پێرێز بەدەستبێنێتەوە».

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە «ئەو قسەیەی زیدانمان لەبیرە کە گوتی ئەگەر بنزیمەت خۆش ناوێ، کەواتە تۆ تۆپی پێت خۆش ناوێ. بەڵام ئەو بۆچوونە، زۆر درێژەی نەکێشا. زیدان دووپاتیکردەوە بنزیمە بە هەندێ بەربەست ڕەتدەبێ، ئەوەش وایکرد متمانەی بەو یاریزانە کەمبێتەوە».

ڕۆژنامەکە دەشڵێت «لۆکاس ڤاسکێز، لەو پەڕی ئاستی دایە لەسەر هەموو ئاستەکان. لە بەرامبەردا کەریم بنزیمە و گاریس بەیڵ، متمانەی زەینەدین زیدانیان لەدەستداوەو پێرێزیان خستووەتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە».

«زیدان ئیدی پشتی لە بنزیمە کردووە»





«یارییەکە زیاتر لە نیو ملیار بینەری هەبوو»



«تاوەکو ئێستا ڕیال مەدرید 95 و بارسێلۆناش 93 کلاسیکۆ بردووەتەوە»



## ئەژمار دەکرێت

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا، ڕایانگەیاند ئەگەر یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بتوانێت لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بباتەوە، نازناوەکە بۆ فلیپی کۆتینیۆی یاریزانی پێشووی ئەو یانەیە و ئێستای بارسیلۆنا ئەژمار دەکرێت، بەو پێیەی لە چامپیۆنزلیگی ئەمساڵدا 5 یاری بۆ لیڤەرپوول ئەنجامداوەو نەیتوانیوە لەو پاڵەوانیتییەدا یاری بۆ بارسیلۆنا بکات. ئەگەر ئەوە ڕوویدا کۆتینیۆ دەبێتە تاکە یاریزان کە لەم وەرزەدا بتوانێت سێیانە بباتەوە. هەروەها ئەگەر هەڵبژاردەی بەرازیلیش توانی نازناوی مۆندیال بباتەوە، کۆتینیۆ دەبێتە تاکە یاریزان سێیانەی و مۆندیال بباتەوە.



### تۆنی کرووس..

# یەکێکە لە بوونەوەرە دەگمەنەکانی مێژووی تۆپی پێ

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی تۆپی پێدا، چاوی شەیدایانی تۆپە خڕەکە، بەردەوام لەسەر ئەو یاریزانانەیە، کە گۆڵی زۆر تۆمار دەکەن، بۆیە بە ئەستێرەی یەکەمی بێ ڕکابەری تیپەکان دەناسرێن. یان بەهرەمەندترین یاریزان و زۆرترین یاری پێکەری یاریزان لەسەر لاکێشەی سەوزدا، بەمەش وێنەکانیان دەبێتە مانشێتی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن. بەڵام، چی دەبێت ئەگەر ئەمڕۆکە باسی ئەو یاریزانانە بکەین، کە لە هەسارەیەکی دیکەوەن، وا دەکەن ئەستەمەکان ئاسان و سووک بێت، وا لە ئاسانی دەکەن ببێتە جادوو و کەشخەیی، کە لەسەر یاریگە ڕەنگ دەداتەوە.

**«هەندێک نازناوی پاککەرەوەی دیتۆلیان پێداوە کە 99% مێروولەکانی یاریگە لەناودەبات»**

تۆنی کرووسی ئەستێرەی ئەڵمانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، نموونەیەکی ئەو یاریزانانەیە، ئەو زیاتر لە بۆنێکی فەرەنسی دەگمەن دەچێت. کە یاری بە تۆپ دەکات، لە شوێنی خۆتەوە دڵۆپەکانی (پارفام) دەگمەن دەبینی، کە لە سەرتاسەری یاریگە پەرش و بڵاودەبێتەوە. ئەو لە بوونەوەرە دەگمەنەکانە لە مێژووی تۆپی پێدا.

یاریزانی بەڕەگەز ئەڵمانی تۆنی کرووس، لەدایکبووی گریفسفاڵدی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە. زۆرن ئەوانەی بە بزوێنەری مەکینەکانی ئەڵمانیا ناوزەندی دەکەن، جەماوەری ریال مەدریدیش پێیان خۆشە، بە کەشخە یان ئەندازیاری پرۆسەکان ناوزەند بکرێ، کەچی هەندێکی دیکە، تەنیا ئەو نازناوەیان دۆزییەوە، کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە باو، ئەویش نازناوی پاککەرەوەی (دیتۆل)ە، کە 99% مێروولەکانی یاریگە لەناودەبات.

کرووس یاریزانێکی هێرشبەر نییە، تاوەکو باسی ژمارەی ئەو گۆڵانە بکەین، کە تۆماری کردوون، یان دڵی بەرگری بێت، بەڵکو لە دیارترین و گرنگترین شوێن، لە تۆپی پێی سەردەمیانە (دایکی جەنگەکان) یاری دەکات، ئەویش ناوەڕاستی یاریگەیە.

**«لە دوایین 3 ساڵدا ڕێژەی پاسە دروستەکانی کرووس بریتییە لە 96 %»**

تۆنی کرووس، کە زۆر کەس دەستەوارەی گواستنەوەیان بۆ ریال مەدرید، تەنیا بە 30 ملیۆن یۆرۆ، بە چەپەڵترین پرۆسەی دزیکردن لە مێژووی تۆپی پێ وەسفکرد، ئەندازیاری یانەی شاهانەیە، کە بە تۆپە لیمەترییەکانی، یاری خاوێنی و پاسە دروستەکانی ناسراوە، کە لە دوایین 3 ساڵدا گەیشتووەتە زیاتر لە 96% پاسی دروست، لەوانە 46%ی یەکلاییکەرەوە و گۆڵی لێ دروست بووە، بێئەوەی توانای لە پاسدان لەژێر فشار لە بیر بکەین، بەمەش ئەو کەشخە ئەڵمانییە، کە ڕۆڵی بەرگریکردن و هێرشکردن بەباشی ئەنجام دەدات، یەکێکە لە باشترین یاریزانەکان لە شوێنەکەی خۆیدا.



### ئێستا لە ترسی لەسێدارەدان لە ئەمریکا دەژی..

# خاوەنی خێراترین گۆڵی مۆندیال دەبێتە نانەوا

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

هاکان شوکر، یاریزانی نێودەوڵەتی پێشووی هەڵبژاردەی تورکیا و یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، بە بەناوبانگترین یاریزانی تۆپی پێ لە وڵاتەکەی دادەنرێ، دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی گەڵاتەسەرای ساڵی 2000، نازناوی جامی یەکێتی ئەوروپای لەسەر حسابی ئارسیناڵی ئینگلیزی بەدەستهێنا، هەروەها خاوەنی خێراترین گۆڵە لە مێژووی مۆندیالدا، کە لە مۆندیالی 2000 لە هەڵبژاردەی کۆریای باشوور تۆماریکرد.

ژیانی شوکر لە ساڵی 2016وە سەراوژێر بووە، دوای ئەوەی لە لایەن دەستەڵاتی وڵاتەکەی بە «تیرۆریست» پۆلینکرا، بەو پاساوەی لە گرووپەکەی فەتحوڵڵا گولەن دایە، کە بەوە تۆمەتبارکراوە، کودەتای لەدژی سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ئەنجامداوە، ئەو کارەش پاڵی بە گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی تورکیاوە نا، بچێتە ئەمریکاو لەوێ نیشتەجێ بێت، چونکە هەندێک پێیانوایە لە سێدارە دەدرێ ئەگەر بگەڕێتەوە تورکیا. ئەو لەوێ نانەواخانەیەکی بۆ دروستکردنی نانی تورکی و شیرنەمەنی ناسراو بە TUTS کردووەتەوە. ژیانی هاکان دوور لە تیشکەکان بە ئارام وەسفکراوە، شوکر نانەواخانەکەی بەڕێوە دەبات، کە خەڵکێکی زۆر هامۆشۆی دەکەن، زێدەباری ئەوەی خانوویەکی گەورەی هەیە، کە بەهاکەی لەسەرووی 3 ملیۆن یۆرۆیە، لە شاری سانتا کلارای نزیک سان فرانسیسکۆ، ئەوەش وایکردووە نانەواخانەکەی TUTS تەنیا پڕۆژەیەک بێت، کە هاکان دەیەوێ خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، کەچی چەند سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی تورکیا پێیانوایە، بەنیازە لقی دیکە لە ژمارەیەک شاری ئەمریکا بکاتەوە.



### پێشتر لە هەمان هەڵوێستدا ژیاوە..

# کەوتنی گۆڵپارێزەکەی بایرن برینەکانی جیرارد دەکولێنێتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

پێدەچێ یاریزانی نێودەوڵەتی ئینگلیزی پێشوو، ستیڤن جیرارد، هێشتا بە کەوتنە بەناوبانگەکەی کاریگەرە، کە لە یاری لیڤەرپوول بەرامبەر چێڵسی بەسەری هات، کە ئەوکات بووە هۆی دۆڕانی یارییەکە و دواتر نازناوی پرێمەرلیگیشی لەدەستدا.

جیرارد جارێکی دیکە کەوتنەکەی خۆی بیرکەوتەوە، بە بۆنەی کەوتنی سڤین ئۆلریخ، گۆڵپارێزی بایرن میونشن بەرامبەر ریال مەدرید، لە یاری گەڕانەوەی نیوەی کۆتایی چامپیۆنزلیگ، لە هەفتەی ڕابردوو، کە گۆڵی دووەمی کردە دیاری کەریم بنزیمە، ئەفسانەکەی سوورپۆشەکان، هاوسۆزی خۆی بۆ گۆڵپارێزە ئەڵمانییەکە دەربڕی، باسی ڕووداوەکەشی کرد، لە کاتی شرۆڤەکردنی یارییەکەو گوتی «پێشتر منیش لە هەمان هەڵوێستدا ژیاوم، کە لە کاتێکی هەستیاردا هاوسەنگی خۆم لەدەستدا، ئەوە شێوازێکی ناخۆشە بۆ دۆڕانی یارییەکی تۆپی پێ ».

جیرارد وەک شرۆڤەکاری تەلەڤزیۆنی بۆ یارییەکانی چامپیۆنزلیگ، بۆ تۆڕی BT سپۆری بەریتانی کاردەکات، لەوەتەی وازی لە یاریکردن هێناوە، لەتەک کاری خۆی وەک ڕاهێنەری چینی لاوان لە لیڤەرپوول. لە 2014/4/27 ئەفسانەی لیڤەرپوول هەڵەیەکی کوشندەی کرد لە یاری تیپەکەی بەرامبەر چێڵسی، لە گەڕی 26ی ڕکابەرییەکانی پرێمەرلیگ، ئەوەش جەماوەری سوورپۆشەکانی لە ئاهەنگگێڕان بە نازناوی پرێمەرلیگ بێبەشکرد، کە ماوەی 24 ساڵە لە گەنجینەی یانەکە دابڕاوە.

ئەوکات لیڤەرپوول یەکەمی ڕیزبەندی پرێمەرلیگی گرتبوو، بە جیاوازی 5 خاڵ لەپێش چێڵسی دووەم و 6 خاڵ لە پێش مانچێستەر سیتی سێیەم بوو، بەڵام مان سیتی 2 یاری دواخراوی مابوو، بردنەوەی لیڤەرپوول مانای نزیککەوتنەوەی لە نازناوەکە بوو، کە 24 ساڵ بوو بەدەست نەهاتبوو، کەچی جەماوەری لیڤەرپوول پێشبینی نەدەکرد، گەورەترین هەڵە لەلایەن ئەفسانەی تیپەکە، ستیڤن جیراردەوە بێ، کە ئەویش هیوای دەخواست یەکەم نازناوی پرێمەرلیگ لە مێژووی خۆی بەدەستبێنێ، کەچی هەوا بە پێچەوانەی ویستی کەشتییەکان هەڵیکرد.

دوایین نازناوی لیڤەرپوول لە پرێمەرلیگ لە ساڵی 1990 بوو، بەمەش ئەو دیاردە ئینگلیزییە بووە هۆکاری لەدەستدانی ئاسانترین پاڵەوانیەتی بۆ سوورپۆشەکان، کاتێک بەرامبەر دیمبابای هێرشبەری چێڵسی کەوت، ئەویش بە ئاسانی گۆڵی پێشکەوتنی تۆمارکرد، بەر لەوەی ویلیان گۆڵی دووەمی شینپۆشەکان لە دوایین خولەکەکانی یارییەکە تۆمار بکات.


تەنها بۆ تۆ
ئۆفەری نایابی کورەك




مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کورەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.
KOREK Telecom
korektel.com
411

KOREK Telecom

7

# ریزبەند و خشتەی یارییەکانی هەفتە

رووداو وەرزشی
ژمارە (497)
سێشەممە 2018/5/8

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 37)

LFP

**شەممە 12/5/2018**

| | |
|---|---|
| ئالاڤێس ـ ئاتلێتیک بلباو | 07:30 |
| دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا ـ ڤیارپیال | 07:30 |
| ئیبار ـ لاس پالماس | 07:30 |
| خیتافی ـ ئاتلێتیکۆ مەدرید | 07:30 |
| خیرۆنا ـ ڤالێنسیا | 07:30 |
| ریال بێتیس ـ سێڤیا | 07:30 |
| ریال مەدرید ـ سێلتاڤیگۆ | 07:30 |
| ریال سۆسیداد ـ لیگانێس | 07:30 |

**یەکشەممە 14/5/2018**

| | |
|---|---|
| ئیسپانیۆل ـ مالاگا | 05:15 |
| لێڤانتی ـ بارسێلۆنا | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسێلۆنا | 87 |
| 2 ـ ئاتلێتیکۆ مەدرید | 75 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 72 |
| 4 ـ ڤالێنسیا | 67 |
| 5 ـ ریال بێتیس | 59 |
| 6 ـ ڤیارپیال | 57 |
| 7 ـ خیتافی | 52 |
| 8 ـ سێڤیا | 51 |
| 9 ـ خیرۆنا | 48 |
| 10 ـ ئیبار | 47 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسێلۆنا | 33 |
| 2 ـ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 25 |
| 3 ـ سوارێز | بارسێلۆنا | 24 |
| 4 ـ ئاسپاس | سێلتاڤیگۆ | 20 |
| 5 ـ گریزمان | ئاتلێتیکۆ مەدرید | 19 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 36)

SERIE A

**شەممە 12/5/2018**

| | |
|---|---|
| بێنڤێنتۆ ـ جێنەوا | 07:00 |
| ئینتەرمیلان ـ ساسۆلۆ | 09:45 |

**یەکشەممە 13/5/2018**

| | |
|---|---|
| بۆلۆنیا ـ کیێڤۆ | 04:00 |
| کرۆتۆنی ـ لازیۆ | 04:00 |
| فیۆرێنتینا ـ کالیاری | 04:00 |
| تۆرینۆ ـ سپال | 04:00 |
| ڤێرۆنا ـ ئۆدینێزی | 04:00 |
| ئاتالانتا ـ میلان | 07:00 |
| رۆما ـ یوڤێنتوس | 09:45 |
| سامپدۆریا ـ ناپۆلی | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤێنتوس | 91 |
| 2 ـ ناپۆلی | 85 |
| 3 ـ رۆما | 73 |
| 4 ـ لازیۆ | 71 |
| 5 ـ ئینتەرمیلان | 69 |
| 6 ـ میلان | 60 |
| 7 ـ ئاتالانتا | 59 |
| 8 ـ فیۆرێنتینا | 57 |
| 9 ـ سامپدۆریا | 54 |
| 10 ـ تۆرینۆ | 48 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیمۆبیلی | لازیۆ | 29 |
| 2 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 28 |
| 3 ـ دیبالا | یوڤێنتوس | 22 |
| 4 ـ کوالیارێلا | سامپادۆریا | 19 |
| 5 ـ مێرتینز | ناپۆلی | 18 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 37)

LIGUE 1

**شەممە 12/5/2018**

| | |
|---|---|
| ئامیان ـ میتز | 10:00 |
| ئانژی ـ نانت | 10:00 |
| بۆردۆ ـ تولوز | 10:00 |
| گوینگامپ ـ مارسیلیا | 10:00 |
| لیل ـ دیژۆن | 10:00 |
| مۆناکۆ ـ سانت ئیتیان | 10:00 |
| مۆنپیلیێ ـ تروا | 10:00 |
| نیس ـ کان | 10:00 |
| پاریس سانجێرمان ـ رێن | 10:00 |
| ستراسبۆرگ ـ لیۆن | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 92 |
| 2 ـ لیۆن | 75 |
| 3 ـ مۆناکۆ | 74 |
| 4 ـ مارسیلیا | 73 |
| 5 ـ رێن | 54 |
| 6 ـ سانت ئیتیان | 52 |
| 7 ـ نیس | 51 |
| 8 ـ مۆنپیلیێ | 49 |
| 9 ـ بۆردۆ | 49 |
| 10 ـ نانت | 46 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 28 |
| 2 ـ تۆڤین | تولوز | 21 |
| 3 ـ نەیمار | پاریس سانجێرمان | 20 |
| 4 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 18 |
| 5 ـ دیاز | لیۆن | 18 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 34)

BUNDESLIGA

**شەممە 12/5/2018**

| | |
|---|---|
| بایەرلیڤەرکوزن ـ هانۆڤەر | 04:30 |
| بایرن میونشن ـ شتوتگارت | 04:30 |
| هامبۆرگ ـ میونشنگلادباخ | 04:30 |
| هێرتا بەرلین ـ لایپزیگ | 04:30 |
| هۆفینهایم ـ بۆرووسیا دۆرتموند | 04:30 |
| ماینز ـ ڤێردێربرێمن | 04:30 |
| فرایبۆرگ ـ ئۆگسبۆرگ | 04:30 |
| شاڵکێ ـ فرانکفۆرت | 04:30 |
| ڤۆلفسبۆرگ ـ کۆڵن | 04:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 84 |
| 2 ـ شاڵکێ | 60 |
| 3 ـ بۆرووسیا دۆرتموند | 55 |
| 4 ـ هۆفینهایم | 52 |
| 5 ـ بایرلیڤەرکوزن | 52 |
| 6 ـ لایپزیگ | 50 |
| 7 ـ فرانکفۆرت | 49 |
| 8 ـ شتوتگارت | 48 |
| 9 ـ میونشنگلادباخ | 47 |
| 10 ـ هێرتا بەرلین | 43 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 29 |
| 2 ـ پیتێرسین | فرایبۆرگ | 15 |
| 3 ـ ئەلیکساندەر | هۆفینهایم | 14 |
| 4 ـ ڤۆلاند | بایرلیڤەرکوزن | 14 |
| 5 ـ گریکۆریچ | ئۆگسبۆرگ | 13 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 37)

Premier League

**سێشەممە 8/5/2018 (یاری دواخراو)**

| | |
|---|---|
| سوانزی سیتی ـ ساوسامپتۆن | 09:45 |

**چوارشەممە 9/5/2018**

| | |
|---|---|
| چێڵسی ـ هەدێرسفیلد | 09:45 |
| لیستەر سیتی ـ ئارسیناڵ | 09:45 |
| مانچێستەر سیتی ـ برایتۆن | 10:00 |
| تۆتێنهام ـ نیوکاسڵ | 10:00 |

**پێنجشەممە 10/5/2018**

| | |
|---|---|
| وێستهام ـ مانچێستەر یونایتد | 09:45 |

**یەکشەممە 13/5/2018 (هەفتەی 37)**

| | |
|---|---|
| بێرنلی ـ بۆرنیمۆس | 05:00 |
| کریستاڵ پالاس ـ وێست برۆمیچ | 05:00 |
| هەدێرسفیلد ـ ئارسیناڵ | 05:00 |
| لیڤەرپوول ـ برایتۆن | 05:00 |
| مانچێستەر یونایتد ـ واتفۆرد | 05:00 |
| نیوکاسڵ ـ چێڵسی | 05:00 |
| ساوسامپتۆن ـ مانچێستەر سیتی | 05:00 |
| سوانزی سیتی ـ ستۆک سیتی | 05:00 |
| تۆتێنهام ـ لیستەر سیتی | 05:00 |
| وێستهام ـ ئێڤێرتۆن | 05:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مانچێستەر سیتی | 94 |
| 2 ـ مانچێستەر یونایتد | 77 |
| 3 ـ لیڤەرپوول | 72 |
| 4 ـ تۆتێنهام | 71 |
| 5 ـ چێڵسی | 69 |
| 6 ـ ئارسیناڵ | 60 |
| 7 ـ بێرنلی | 54 |
| 8 ـ ئێڤێرتۆن | 49 |
| 9 ـ لیستەر سیتی | 44 |
| 10 ـ نیوکاسڵ | 41 |

## گۆڵکارانی خولی ئینگلتەرا

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ سەلاح | لیڤەرپوول | 31 |
| 2 ـ کەین | تۆتێنهام | 27 |
| 3 ـ ئەگوێرۆ | مانچێستەر سیتی | 21 |
| 4 ـ ستێرلینگ | مانچێستەر سیتی | 18 |
| 5 ـ ڤاردی | لیستەر سیتی | 17 |

## یارییە گرنگەکان

| پاڵەوان | یانە | کات | یانە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| جامی فەرەنسا | لیزێربیی | 10:05 | پاریس سانجێرمان | سێشەممە 8/5/2018 |
| خولی ئیسپانیا | بارسێلۆنا | 09:00 | ڤیاریال | چوارشەممە 9/5/2018 |
| خولی ئیسپانیا | سێڤیا | 10:30 | ریال مەدرید | چوارشەممە 9/5/2018 |
| جامی ئیتاڵیا | یوڤێنتوس | 10:00 | میلان | چوارشەممە 9/5/2018 |
| خولی ئەڵمانیا | هۆفینهایم | 04:30 | بۆرووسیادۆرتموند | شەممە 12/5/2018 |
| خولی ئیتاڵیا | رۆما | 09:45 | یوڤێنتوس | یەکشەممە 13/5/2018 |
| خولی ئیتاڵیا | سامپدۆریا | 04:00 | ناپۆلی | یەکشەممە 13/5/2018 |
| خولی ئینگلتەرا | تۆتێنهام | 05:00 | لیستەر سیتی | یەکشەممە 13/5/2018 |

## داوەتی سوارێز



لویس سوارێزی هێرشبەری بارسیلۆنای ئیسپانی، خواردنی دایە یاریزانەکانی بلاوگرانا، لە کاتی ئاهەنگگێڕان بە بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئیسپانیا و جامی شا. ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردەوە دوای ڕۆیشتن بۆ ماوەی 2 کاژێر لەسەر شەقامەکانی شارەکە، یاریزانان چاویان بە پاکەتی پیتزا و بابۆڵە کەوت کە لەلایەن هەندێ فەرمانبەرەوە دابەش دەکرا، دواتر دەرکەوت چێتشخانەکەی لویس سوارێز، کە بەناوی (چالیتۆ) ناسراوە، خواردنەکەی هێناوە. ڕۆژنامەکە گوتی "سوارێز بڕیاریدا خەرجی ژەمە خواردنی تایبەت بە ئاهەنگگێڕان بە 2 نازناوەکە لە ئەستۆ بگرێت".



ڕێبوار محەممەد

## هیچ زوڵمێک لە محەممەد سەلاح نەکراوە

تۆ باسی میسر دەکەیت و دەڵێیت لە مێژووی نوێدا هیچی نییە شانازی پێوە بکات! ئەمە لە فیشەک نان بە تاریکی زیاتر هیچی دیکە نییە، ئاخر ئەگەر ئاگادارنیت کە میسر لە مێژووی نوێدا بەر لە سەلاح، نەجیب مەحفوز و ئەحمەد زوێلی هەبووە کە نۆبڵیان بۆ بردووەتەوە، ئەگەر ئاگاداری ئەوە نیت عادل ئیمام و کۆمیدیاکەی هەموو دونیایان تەنیوە، ئەگەر نازانیت دراما و سینەمای میسری ئێستاش لە سینەما و درامای هەندێک وڵاتی ئەورووپی باشتر و بەناوبانگترن، ئەگەر نازانی ئوم کەلسوم و گۆرانییە جیهانییەکانی، زۆر بەر لە سەلاح و زۆر زیاتریش لەو میسریان بە جیهان ناساندووە، هەق نییە سەرپێیانە سۆزی خەڵک رابکێشی. میسر بەدەست دیکتاتۆریەتەوە ناڵاندویەتی؟ ڕاستە؟ برسی و هەژاری بینیوە؟ ڕاستە، بەڵام ئەوەش بڵێ کە مێژوویەکی درێژی بەناڵاندن بەدەست تیرۆرەوە هەبووە کە تا ئێستاش، ڕۆژانە چەندین هاونیشتمانی ئەو وڵاتە دەکاتە قوربانی. لەوەشدا هیچ ناڵێم کە میسر کودەتای تێدا کراوە یان نا، چونکە ئەوەی کودەتای بەسەرداکرا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وێنەیەکی هێندە ناشرینی پێشاندا، خەڵکی خۆزگەیان بە موبارەک دەخواست کە خۆیان بە چەپڵە دەیان کردبوو. با شتێکی دیکەش بڵێم بەرلەوەی بچمە سەر کرۆکی باسەکەی سەلاح. ئەوە سەلاح نییە بتوانێ هێندەی سێ هەزار ساڵی فیرعەونەکان و ئەهرامەکان، میسر بە دونیا بناسێنێ، چونکە هیچ شتێک ناتوانێ جێگەی ئەهرامەکان و مێژووی فیرعەونیەکان بگرێتەوە لە مێژوودا. ئەوان تا ئێستاش لە پرۆگرامی خوێندنی هەزاران قوتابخانە و زانکۆدا هەن لەسەرانسەری جیهاندا و هێشتا دکتۆرایان لەسەر وەردەگیرێت و ساڵ نییە بەشێک لە ئاسەوارەکانیان ئاشکرا نەکرێن، ئاخر ئەوە بێویژدانییە محەممەد سەلاح کە تەنیا ئەمساڵ درەوشاوەتەوە و مەرج نییە ساڵانی داهاتوو بەهەمان شێوە بمێنێتەوە، بخەیتە ئاستی ئەوانەوە کە دیارترین سیمبولی مێژووی میسر و ناوچەکەشن. هاوڕێ گیان ڕووباری نیلیشت لەبیر چووە.

سەلاح لەگەڵ کێدا کێشەی هەیە؟ ئەمە کرۆکی باسەکەیە. سەلاح گرێبەستی لەگەڵ دوو کۆمپانیادا هەیە بۆ بەکارهێنانی وێنەکانی لە ڕێکلام و کاری بازاڕگەریدا. فیدراسیۆنی تۆپی پێی میسریش، گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی دیکەدا هەیە بۆ سپۆنسەریکردنی هەڵبژاردەی میسر. کاتێک فڕۆکەیەک تایبەتکرا بە هەڵبژاردەی میسر بۆ مۆندیالی ڕووسیا، کێشەکە سەریهەڵدا، چونکە ئەو کۆمپانیایەی سپۆنسەری فیدراسیۆنی تۆپی پێیە، وێنەی سەلاحی بە گەورەیی لە فڕۆکەکە داوە و ئەوەش گلەیی ڕامی عەباسی بەڕێوەبەری کارەکانی سەلاحی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە مافی بەکارهێنانی وێنەکانی سەلاح بە کۆمپانیایەک دراوە و نابێ کەسی دیکە بەکاریبهێنێت، لە کاتێکدا کۆمپانیای سپۆنسەری هەڵبژاردەی میسر، بە مافی خۆی زانیوە سەلاحیش وەک هەر یاریزانێکی دیکەی میسر لە ڕێکلامەکانیدا بەکاربهێنێت. دیزاینی فڕۆکە تایبەتەکەی هەڵبژاردەی میسر ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە، بەتایبەت کە وێنەی یاریزانەکان بەپێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتنی فڕۆکەکەوەیە. دواجار کێشەکە وەک ئەوەی وەزیری وەرزش و لاوانی میسر ڕایگەیاند، چارەسەرکرا. بەڵام سەلاح بەرلەو چارەسەرە، پەنای بردە وروژاندنی هەستی میسرییەکان و خۆی و بەڕێوەبەری کارەکانی، خۆیان وەک زوڵملێکراوێک ناساند، لە کاتێکدا کێشەکە یاساییە و چەندە هەق لای ئەوانە، ئەوەندەش هەق لای بەرامبەرەکەیانە. ئەگەر سەلاح پێیوابێت لەبەرئەوەی ئەمساڵ زۆر درەوشاوەتەوەو باشترین یاریزانی پرێمەرلیگەو لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگە، نابێ هیچی لەگەڵدا بگوترێ، ئەوەیان ناهەقییە، چونکە سەلاح کە بە ڕەوشتی کۆنە ئیخوانییە لەسەر حوکم لادراوەکان مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی میسریدا دەکات، دەیەوێ سۆزی خەڵک لە ڕێگەی پەیامی مانادار و ڕووپۆشکراوەوە بۆخۆی بجوڵێنێت.

ئەگەر سەلاحی (باوکی مەککە) بیەوێ بە درەوشانەوەی ساڵێک نەکەوێتە بەر هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی، کەواتە دەبێ ڕۆناڵدۆ و مێسی کاتێک بانگی دادگا دەکرێن بۆ لێپێچینەوە لە شاردنەوەی داهاتەکانیان، دونیا وێران بکەن و پەنابەرنە بەر سۆزی جەماوەر بۆ فشارخستنە سەر حکوومەت. بەڵام ئەوان دەزانن کاتێک هەڵەیان کرد لێیان قبوڵناکرێت و سەلاحیش دەزانێ کاتێک بە تویتی ئاگراوی سۆزی خەڵک گڕدەدات، بۆی هەیە ناهەقییەکانی ببنە هەق. لەبەرئەوەی ئێرە ڕۆژهەڵاتە، هەمیشە سۆز بەسەر عەقڵدا زاڵە.

### بەهۆی گەیشتنی لیڤەرپووڵ بە فینالی چامپیۆنزلیگ..

# لیبرۆن جیمس 25 ملیۆن پاوەند وەردەگرێت

ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN

بڕوا بکەی یان نا؟ یانەی لیڤەرپووڵ دەگاتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کەچی بەشێکی ئەو پارەیەی بەهۆیەوە وەردەگرێت دەچێتە گیرفانی یاریزانێکی پیشەگەری باسکەی ئەمریکی.

خۆشی گەیشتنی لیڤەرپووڵ بە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، تەنیا بۆ شەیدایانی نەبوو، بەڵکو گەیشتە لیبرۆن جیمسی ئەستێرەی NBAیش.

ڕۆژنامەی THE SUNی بەربڵاو لە ئینگلتەرا، ئاشکرایکردووە ئەستێرەی تۆپی باسکەی ئەمریکی، بڕی 25 ملیۆن پاوەندی قازانجی کردووە، دوای ئەوەی یانەی لیڤەرپووڵی ئینگلیزی لەسەر حسابی یانەی ڕۆمای ئیتاڵی گەیشتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، چونکە لیبرۆن لە ساڵی 2011 بە ڕێژەی 2% واتە 4.8 ملیۆن پاوەند لەو یانەیەدا بەشدارە.

لە لایەکی دیکەوە، چەند ڕاپۆرتێکی میدیایی تۆڕی ESPNی بەریتانی، باس لەوە دەکەن، نرخی لیڤەرپووڵ بۆ 1.2 بلیۆن پاوەند بەرزبووەتەوە.





### دەچێتە کام یانە و چۆن ڕازی بووە بچێتە خولی چینی؟!..

# گرێبەستەکەی ئینێستا 6 ملیۆن شووشە شەرابە

ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، ئاشکرایکردووە ئەندرێس ئینێستای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بارسیلۆنا، دەچێتە ریزەکانی یانەی شۆنگ کینگ لیڤانی چینی، گرێبەستەکەیشی زۆر سەیرە.

ئینێستا چەند ڕۆژێک پێشت ئێستا بەفەرمی ڕایگەیاند، لە کۆتایی ئەم وەرزەدا لە بارسیلۆنا دەڕوات، بەڵام ئەوکات ڕووگەی داهاتووی خۆی دیاری نەکرد. ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی، هەندێ وردەکاری گرێبەستە تازەکەی ئاشکرا کردووە، کە ئینێستا بە یانە چینییە تازەکەی دەبەستێتەوە.

بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە، یانەی شۆنگ کینگ لیڤان، کە جیانگ لیز هانگ، خاوەنی یانەی گرنادای ئیسپانی سەرۆکایەتی، گرێبەستێکی بۆ ماوەی 3 ساڵ خستووەتە بەردەم ئینێستا، بە مووچەی 27 ملیۆن یۆرۆ بۆ هەر وەرزێک، کە دەکاتە 81 ملیۆن یۆرۆ لە 3 وەرزدا.

مۆندۆ باس لەوەش دەکات، دانوستان لەنێوان هەردوولا بە کۆتایی هاتووە، ڕێککەوتنەکەش بەمشێوەیەیە، یانە چینییەکە بڕی 6 ملیۆن شووشە شەراب لە کۆمپانیا تایبەتەکەی ئینێستا دەکڕێت، بە نرخی 6 یۆرۆ بۆ هەر شووشەیەک. بەمەش ئینێستا بڕی 81 ملیۆن یۆرۆی دەست دەکەوێ، کە بەهای دارایی گرێبەستەکەیەتی، زێدەباری 36 ملیۆن یۆرۆ، داهاتی فرۆشتنی شووشە شەرابەکانی.

### پێشبڕکێ





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو: هەردی عوسمان لە هەڵەبجە

بە کۆمێنتی: (پێککراو و قوڕبەسەرم، ڕیالیش بوو بەرامبەرم)




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: دوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە